

# خانمی یەکەمی عیراق و چاڵە دۆلارەکەی هەڵەبجە

## جەزا چنگیانی

بەپیێ پیێوەری سیاسی ئەمەریکی خێزانی سەرۆك کۆمار دەبێت بە خانمی یەکەمی وولآت . بە پیێ ئەم پیێوەرە ڕیکلامەی میدیای جەلالیەکانیش هیرۆخانمیان کردوە بە (خانمی یەکەمی عیراق ) تا کەی و ئایا میژوو ئەم نازناوەی پیدەسپیرێ یان تەنیا سفرە لیسەوەکانی میدیای جەلالیەکان نەبیێ . زۆرن ئەو ئافرەتە بەڕیزانەی بە هۆی کردار و هەڵویستی جوانیانەوە بیێ کۆمەکی میدیا ودەسەلآتی سیاسی بوونەتە قارەمان و میژوو بە دڵسۆزی و ڕیزەوە بە جگەرگۆشەی خۆی ناونوسیکردون . بۆ ناسینی خانمی یەکەمی عیراق (هیرۆخانم ) تەنیا سەردانێکی ماڵی دایکە شەهیدیکی سلیمانی وشارە داماوەکەی کوردستان ( هەڵەبجە) بکەیت لە نزیکەوە تێدەگەیت ئەم ئافرەتە بەناو کوردە چ (نازناوێکی شایانە) خانمی یەکەمی عیراق یان یەکەم ئافرەتی کەپیتالیستی تازە هەڵتۆقیوی بێویژدانی نێو کۆمەڵگای کوردی داماو ... ژمارەی ساختومان وموڵك وماڵی ئاشکرای ئەم خانمە و خزم وداروەدەستەکەی چەندەیە؟؟ ..با سلیمانی و هەڵەبجەیەکان وەلآمی بدەنەوە . کاری ڕۆژنامەگەری کارێکی هوشیاریە... ئەوەی ڕاستگۆ و گەرەکی بێت لە پیێناوی زووربەدا بنووسێت پێویستە بە هوشیاریەوە مامەڵە لە تەك مەتریاڵەکاندا بکات .

ڕۆژی 12/09/2005 چاوبین وگۆبیستی هەواڵەکانی تەلەفزیونی جەلالیەکان



# خانمی یەکەمی عیراق هیرۆخانم

(کوردسات)بووم . بڵاویانکردەوە , لێپسراوێکی میری سلیمانی سەردانی نەخۆشخانەی شاری داماوی هەڵەبجەی کردوە بەڵینی داوە بە خەڵکی کە ( ئۆتۆمۆبیلی فریاگوزاریان) بۆ دابینبکات . گەلۆ سەیرکەن لە ساڵی 1988 وە ( جەلالی و مەلایەکان) هەلەبجەیانکردوە بە پسولەی سواڵ و سواڵی پێدەکەن . ئەگەر ڕێخراویکش دڵی بەداماوی ئەم شارە شکابێت کۆمەکێکی کردبێ ئەوە پێش کرینی ئۆتۆمۆبیلی فریادگوزاری ( کە سادەترین پیویستی ڕۆژە ) وەك برابەش لە نیوان ( جەلالی و مەلایەکاندا ) بەشیانکردوە . ئایا ئەم پرسیارە لە جییێخۆیدانیە ... لە هەمان ڕۆژ و سات و کەناڵدا ( کوردسات) وێنەیەکی بەڕێز هیرۆخانمی نیشاندا کە لە تەك هاوسەرەکەی جورج بۆش وە وەستابوو بە پیێ هەواڵەکەی کوردسات هیرۆخانم داوای لەهاوسەرەکەی جۆرج بۆش کردوە کە کۆمەك بە شاری هەلەبجە بکات ... دانیشتوانی هەڵەبجە و گشت کوردستان مافی خۆیانە ئەو پرسیارە بکەن تاکەی واز لە پسولەی سواڵی هەلەبجە ناهینن .



سان پیترسبۆڕگ 13/09/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de